# بانگەوازی پاراستني کەرامەتی مرۆڤایەتی

## جەزا چنگیانی

هاوولاتی خۆشەویست هاوبەشیکردنت لە هەڵبژاردندا وەك هاوبەشیکردنتە لە ئەنفالیکی نوێ کورد و قادسییەکی تری صدام دا. هاوبەشیکردنت دەبێتە هۆی زیندوکردنەوەی هێزی ناسیونالیستی عەرەبی . هاوبەشیکردنت خیانەتە لە ئەرکی نەتەوایەتیت . ویژدانی قوربانیەکانی کوردستان ئازار و کەرامەتیان سوکدەکات . هاوبەشیکردنت لە هەڵبژاردندا . هاوبەشیکردنتە لە فروشتنی کوردستان و کەرامەتی کورد بە گشتی . هاوبەشیکردنی کورد بیٚ گەڕانەوەی کەرکوك . خانەقین و موصل و هەموو شارو شارۆچکەکانی بە عەرەبکراو خیانەتە . هاوبەشیکردنی کورد لە هەڵبژاردندا هاوبەشیکردنی قۆنتەراتی فرۆشتنی کوردستانە کە جەلال و مەسعود بە ناسیونالیستی عەرەبیان فرۆشتوە . هەروەك شەڕەکانی نێوان مەلایەکان و جەلالیەکان . لەم هەڵبژاردنەشدا تەنیا ڕۆڵەی ڕەش و ڕووتی کورد باجی دەدا و خێزانی ئەو دوو دیکتاتۆرە بە ویژدانیکی پیسەوە بەختیار دەژین . بە قسەی بریقەداری ئەو دووانە و بەڵینی سەفیری ئەمەریکی وبەریتانی و ئیمزای عەرەبەکانی بەغدا بڕوا مەکەن . میژوومان چەندەها جار لەم جۆرە بەڵینانەی بە چاو شۆریەوە تۆمار کردوە .هاو وولاتی بەڕیز داوا بکەن کیشەکەمان وەك کێشەی ڕەشە داماوەکانی خۆارووی سودان لە سەر ئاستی نیودەوڵەتی چارەسەر بکریت . نەك لە ئاستی خۆازبینی کیژێکی هەژاردا . هاوولاتی خۆشەویست جەلال و مەسعود ئەو ساتەی لە سەر میزێکی خر دەستیان خستە دەستی یەکتری و خۆینی هەموو قوربانیەکانی شەری نیوانیان کردە زیرابی ویژدانیانەوە . ئەوساتە دەبوایە میللەتی کورد داوای دادگایان

بکردایە هاوبەشی ئەندامانی دەم چەورکراوی مەلای و جەلالیەکان لە هەلبژاردندا وەك هاوبەشی تەحسین شاوەیس و جاشەکانی وایە لە ئەنفالدا . ئیستا هەریەکە لە ئێوە بەرامبەر بە ئەرکیکی نەتەوایەتی و مرۆی و ویژدانی بوونەتەوە ..
هاوبەشی مەکەن با میژووتان پیس و ویژدانتان ئازارتان نەدا .